www.kurdistannet.org
26-1-2006 23:54بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەمە سەرەتای ململانێی یەکلاییکەرەوەی نێوان سەرانی دەسەڵاتی هەولێر و توێژی ڕۆشنبیرانە ... سالار باپیر

ماوەیەکە دنگوباسی ئەوە هەیە کە لە ژێر ڕۆشنایی تێهەڵچوونەوەی دادگادا، دکتۆر کەمال سەید قادر ئازاد دەکرێت. تەنانەت لە سایتی 'پەیامنێر'دا وێنەیەکی فۆتۆگرافی د. کەمال نیشاندراوە کە گوایە ئەو وێنەیە لە ناو زینداندا گیراوە (نازانم ئەوە چەند ڕاستە، چونکە ژوورەکە و ناواخنەکەی نەک لە ژووری زیندانێکی میلیشیاییەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناچێت، بەڵکو گومانم هەیە لە ئەورووپاش زیندانەکان وەها بن؛ بڕوانە
www. peyamner. om/article.php?id=33959&lang=Kurdish
لێرەدا من باس لە ناشارستانی و نالەباریی دەسەڵاتی هەولێر، یاخود بە واتایەکی تر بنەماڵەی بارزانی ناکەم، ئەو باسە بە باش و بە خراپ زۆری لەسەر گووتراوە، بەڵکو باس لە ئەوە دەکەم کە گومانم نیە کە د. کەمال لە ئایندەیەکی نزیکدا ئازاد دەکرێت. پێدەچێت دوو سیناریۆ لە ئارادابن. یەکەم ئەوەیە کە دەڵێن دادگا هەموو بڕیارەکانی هەڵوەشاندووەتەوە و دەبێت ئازاد بکرێت. دووەم سیناریۆ ئەوە دەبێت کە سەرانی باڵای دەسەڵاتی هەولێر پاش ماوەیەکی تر، بۆ نموونە بە بۆنەی نەورۆزەوە، دەیکەن بە خاتروخۆتری ئەم و ئەو و وەکو هەموو شتەکانی تر دەیکەن بە منەت بەسەر میللەتەوە و دکتۆر کەمال ئازاد دەکەن. هەروەها بە دووری نازانم کە هاوشانی ئەو چەند تاوانکارێک ئازاد بکەن بۆ چەواشەکردن و سووکایەتیکردن بە د. کەمال. دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەو ئازادکردنە لە میهرەبانی و شارستانیان نابێت بەڵکو لە ژێر زەبری ئەو گوشارەدا دەبێت کە ڕۆژانە لە زیادبوونە.
لە ڕاستیدا سەرانی باڵای دەسەڵاتی هەولێر (بنەماڵەی بارزانی) هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە د. کەمالیان گرت و هەڵەیەکی گەورەتریش کە بە 30 ساڵ حوکمی زیندانییان بۆ دەرکرد. ئەوان بە ئەو کارە خۆیان تووشی گێژاوێک کرد کە دەربازبوون لێی ئاسان نیە. ئەو بەرگە ساختە دەرەکییەی خۆیان پێ ڕازاندبووەوە لای هەموو کەسێک ئاشکرابوو. خوێندنەوەیان بۆ ئاستی کاردانەوەی ڕۆشنبیران و بە هاناوەچوونی گرتنی د کەمال خوێندنەوەیەکی زۆر هەڵە بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە ئەم مەسەلەیەدا هاتونەتە قسە نە د. کەمال دەناسن و نە کتومت لەگەڵ شێوازی دەربڕینی نووسینەکانیدا نەبوون (خۆم یەکێکم لە ئەوانە) ، بەڵام تێکڕا هەموو کرۆکی ئەو بەشەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستانیان بۆ ڕوون بووە و هەموو بێباکانە و بێ دوودڵی نارەزایی و دژایەتی خۆیان بەرامبەریان دەرکاند.
کاتێک ئەوان بوونە پێشڕەوی لەشکرکێشی عێراق لە 31ی ئابدا، ڕۆشنبیران بایەخێکی ئەوەندەیان بە ئەو باسە نەدا چونکە بە درێژایی مێژووی پڕ نەهامەتیی ئەم میللەتە ئەوە یەکەم کاری ناجوامێرانەی هەر کام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبوو و ئەڵقەیەکی تری کێشمەکێشی ناشارستانی نێوان ئەو دوو زلحیزبە بوو. بەڵام گرتنی کەسێکی ئەکادیمی لەسەر دوو نووسین و حوکمدانی بە 30 ساڵ بەزاندنی ئەو هێڵە سوورە بوو کە ئەوان بە ئەو کارە خۆیان خستە ململانێیەکی یەکلاییکەرەوە لەگەڵ ڕۆشنبیراندا.
ئاخر لە تورکیادا کە ئەوپەڕی بەربەریزم پەیڕەو کراوە، ئەوان دەیانویست ئۆرهان پاموک تەنها بە 3 ساڵ حوکم بدەن ئەویش بە تۆمەتی ئیهانەکردنی 'ڕۆحی تورکایەتی' نەک بە

تۆمەتی تانەلێدان لە بنەماڵەیەک! دەسەڵاتی هەولێر ویستی پێمان بڵێت کە نەکەن زاتی ئەوە بکەن بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی ورتە بکەن، بەڵام ئەوەیان لە بیر چوو کە ئێستا خەڵک نەک باکی بە بنەماڵە نیە بەڵکو ئەوەتا بێبکانە ڕەخنە، تانە و دژایەتی ئاینێکی دواکەوتوو و کوشندەی وەکو ئیسلام دەکەن کە پیرۆزیی لە لایەن هەندێک نەفام ئەوپەڕیەتی.

زۆر بە داخەوە، هەندێک لە هەنگاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەسەڵاتی هەولێر منی چەواشە کرد و وەهام دەزانی کە ئەوان دەیانەوێت هەنگاو و بەرەو شارستانی و هاوچەرخی هەڵبنێن، بەڵام ئەم کارە ناجوامێرانەیان ناوەرۆکی ڕاستەقینەی دەرخستن و نیشانی دا کە مەسەلەکە لە گۆڕینی باوک بە کوڕ و مام بە برازا نیە بەڵکو پێویستمان بە گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە ئەقڵیەت و هەڵسوکەوتدا.

لەندەن - 25ی جەنیوەریی 2006

salarb@hotmail. com